کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 13:52 26-11-2007

**بۆئەوەی عەلمانیەتی تورکیا پارێزراوبێت گەڕانەوەی pkk بۆ ژێرچەتری پەرلەمان پێویستە ... سەباح تاهیر**

سەرەتا ڕاستیەك هەیە كەوەك ئەلف وبێی سیاسەت وایە ئەویش " نەدوژمنی هەتا سەر نەدۆستی هەتاسەر " لە هاوكێشەی سیاسی نێو خۆیی و نێودەوڵەتی بوونی نییە. بەڵكو شتێك هەیە ناوی بەرژەوەندی هاوبەشە كەلایەنەكان كۆدەكاتەوە. نمونەش زۆرە نامەوێ لێرە هەموویان بخەمەڕوو بەڵام بەپێویستی دەزانم نمونەی هاتنەسەركاری كۆماری ئیسلامی لەئێران و هاوكاری ڕۆژئاوا، هەروەها سوپای سووری ئیرلەندی و بەریتانیا. وەك بەڵگەی زیندوو بخەمەڕوو.

ڕاستە زۆربەی پارتە توركەكانی توركیا ئێستاشی لەگەڵدابێت پارتی كرێكارانی كوردستان دەخەنە لیستی تڕۆر بەڵام دڵنیام لەو ڕاستیە گەیشتون فەرامۆشكردنی مەسەلەی كورد تا كۆتا مەحاڵە بەتایبەتی دوای ئەم هەموو گۆڕانكاریانەی سیستەمی نوێی جیهانی هێناویەتە كایەوە دوای نەمانی جەنگی سارد.

پارتە ئایدیا ناسیونالستەكانی تورك زۆربەی زۆریان عەلمانین ئەگەر هەندێكیان بەڕووكەشیش بێت، مانەوەی توركیا بە عەلمانی لە بەرژەوەندی دەروازەكردنەوەی یەكێتی ئەوروپایەو تاكەزامنی دیموكراسیشە لەو وڵاتە. دیارە شكست هێنانی یەكە یەكەی پارتە عەلمانیەكانی توركیا لەبەردەم تەوژمی عەدالەت وگەشەپێدانی ئاڕاستە ئیسلامی، دوورنییە بناغەی چەسپاوی عەلمانی و دیموكراسی و خەونی بەئەندام بوونی توركیا لە یەكێتی ئەوروپا لێژبكا و لەڕەگەوە هەڵتەكێنێ كەلەلایەن ئەتاتورك بناغەكەی دانراوە.

پارتی عەدالەت وگەشەپێدان نزیكەی 80كورسی لە ناوچەی كوردنشین بەدەستهێناوە جگەلەوەی كوردەكانی ئەستەمبوڵ وئەنقەرە و... هتد پێدەچێت زۆرینەیان دەنگیان بەم پارتە دابێت، ئەمەش گورزێكی گورچكبڕە لە عەلمانیەكان و ناسیونالستەكان.

عەدالەت و گەشەپێدان ئەم درزەی نێوان كورد و ناسیونالستەكانیان بەباشی قۆزتەوە لە هەڵبژاردنەكان بەتایبەتی لەم هەڵبژاردنە پێشوەختەی بەم دواییە، لێزانانە زۆرینەی كورسیەكانی پەرلەمانی بۆخۆی چنیەوە بەئەنجامی ئەم دەسكەوتەش پۆستی سەرۆك كۆماریشیان بەدەست هێنا كەبە سونبل و پارێزەری عەلمالنیەت ئەژماردەكرێت.

ئەم پارتە لە یارییەكانی بەردەوامە ئێستا دەیەوێت دوژمن بە دوژمن لەنێوببات، بەم جۆرە كورد واتەنی بەبەردێك دوو چۆلەكە بكوژێت. سوپا كەتاكە بەربەستە ماوە لەبەردەم پارتی عەدالەت و گەشەپێدان بەتێوەگلاندنی بەشەڕی پ ك ك ئەگەر سوپا توانی گەریلاكان لەنێو ببات یا تاوەكو ڕادەی لاوازبوونێكی ئاوا كە سەنگی نەمێنێت، ئەوا پارتەكەی ئەردۆگان حەریفێكی سەرسەختی لەگۆڕەپانی سیاسی لە كۆڵدەبێتەوە ئەویش بەئاسانی دەنگی زۆربەی كوردەكان بۆخۆی مسۆگەر دەكات. ئەگەر سوپا توشی قەیران هات لە پەیوەندیەكانی ناتۆ و وڵاتەیەكگرتوەكانی ئەمەریكا، وەشكستی هێنا لەشەڕی پ ك ك ئەوا بێگومان تاكە ئاستەنگ و گەورە بەربەستی لەڕێگادا نامێنێت، بۆ سەرتاپا گۆڕانكاری لە دەستوور و سیمای عەلمانی توركیا كەدەمێكە زەمینە سازی بۆ دەكەن ئیسلامیەكان، بۆ ئەوەی پێگەی ئیسلامی سیاسی خۆیان زیاتر و زیاتر بەهێز بكەن. هەربۆ ئەوەشە تەنگژەی سنوور زەقدەكرێتەوە تاوەكو گۆڕانكاری لە مادەكانی دەستووردابكەن لە بەرژەوەندی ئایدیاكەیان.

بەڵام ئەگەر ناسیونالستە عەلمانییەكان زەمینە سازی بۆ هاتنی پ ك ك بۆ نێوخەباتی سیاسی و پەرلەمانی توركیا لە ئەستۆ بگرن ئەوا هاوكێشەكان دوور نییە بە تەواوی بگۆڕێت، بە تایبەتی لە هەلومەرجی ئەمڕۆكە تەواو لەبارە. پارتی كرێكارانی كوردستان گۆڕانكاری لە بەرنامەو ستراتیژی خۆی كردوە، ئێستا ئەم پارتە وازی لە دروشمی جیابونەوە و دامەزراندنی دەوڵەتی كوردی هێناوە و

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بەرنامەی سیاسیشی کردۆتە سوسیال دیموکرات. تەنانەت لەزاری سەرۆکی پارتی ناوبراو چەندین جار دروشمی مافی چارەنوس لە چوار چێوەی تورکیا دوبارە بۆتەوە لەمەش زیاتر لە زاری سەرکردە سەربازییەکانی پ ك ك ئاشکرا کراوە ئامادەن واز لە خەباتی چەکداری و توندوتیژی بێنن ئەگەر زەمینە سازی سیاسیان بۆ بکرێت خەباتی سیاسی و دیموکراسی و پەرلەمانی بکەن. هەموو ئەوانە ئاماژەی گرنگن، جگە لەوەش ناسیونالستەکان بەکارهێنانی هێزیان تاقیکردۆتەوە لەبەرامبەر کورد هیچ ئەنجامێکی پۆزەتیفی نەبوە، لەم بارەوە خاوەن ئەزموونێکی دەوڵەمەندن لەکاتی حوکمڕانیان.
بە گەڕانەوەی پارتی کرێکارانی کوردستان گۆڕەپانی شارە کوردیەکان لەدەست"ئاك پارتی" نامێنێت، زۆر جار باس لەوە دەکرێت دەنگدان بە ئاکەپە تاکتیکی کورەکانە، هەندێکیش وایدەبینن کوردەکان دەڵێن دوژمنی دوژمنم دۆستمە لەم ڕوانگەیەوە دەنگیان بە دژەکانی ناسیونالستەکان داوە بەم مەرامە. ئاکەپە پێش هەڵبژاردنەکان موغازەلەی کوردەکان دەکات، وەك چۆن لەم هەڵبژاردنانە بینیمان، ئەردۆگان لە دیاربەکر ڕایگەیاند کێشەی کورد هەیەو پێویستی بە چارەسەری ئاشتیانەیە. بەڵام دوای دەرچونەوەیان بە زۆرینە بە کاریگەرییەکی زۆری دەنگی کوردەکان، تاکە وەزیری بە ڕەگەز کوردی لە کابینەی پێشووی ئەمیشی لابرد نەك هەرئەوە نەك ڕێگای نەدا بە ڕەگەز کوردەکانی ئەندام لەلیستی ئاکەپە بەکوردی قسەبکەن بەڵکو داوای لە نوێنەرە کوردەکانی سەر بەپارتی کۆمەڵگەی دیموکراسیش کرد بە کوردی نەئاخڤن لە هۆڵی پەرلەمان بەبیانووی ئاڵۆزی دروست بوون لە گەڵ ناسیونالستەکان.
لە زاری بەرپرسی گەورەی پارتی داد دەبیسترێتەوە کەبەنیازن لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوو شارەوانی دیاربەکریش بەدەست بێنن، ئەمەشیان بۆ مەیسەر دەبێت ئەگەر پارتی کرێکارانی کوردستان تێك بشکێ و پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتیش قەدەغەبکرێت، ڕەنگە ئەم ئامانجەیان ساناتر بێتەدی.
بەڵام وەك لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا بە هێنانەوەی پارتی کرێکارانی کوردستان بۆ نێو چەتری پەرلەمان و ئاسایی کردنەوەی ناوچە کورد نشینەکان، پێشبینی دەکرێت زۆرینەی کورسیەکانی ئەم ناوچانە بۆ پارتە کوردیەکان بێت کە بە سروشتی خۆیان گەلی کورد گەلێکی عەلمانی و دیموکراس خوازە وەك لە پارتە ئۆپزیسۆنەکانیشیانەوە دیارە.
کەواتە بەدەستهێنانی ئەم ڕێژە کورسیە لەلایەن کوردەکان و لە دەستدانی ئەو ڕێژەیە لەداد و گەشەپێدان، گومانی تێدانییە، هاوکێشەکە بۆ بەرژەوەندی پارتە عەلمانیەکان و عەلمانیەتی تورکیا دەشکێتەوە، مەترسی کوژاندنەوەی یاخود کاڵبونەوەی عەلمانی دەڕەوێتەوە و ڕەنگە بە گەیشتنی کوردەکان بەمافی سیاسیان، خەونەکانی تورکییاش بێنێتە دی کە بێگومان مەسەلەی کورد لەم وڵاتە بەبەرستێکی گەورەیە لەبەردەم بەئەندام بوونی تورکیا بۆ یەکێتی ئەوروپا. بۆیە دەکرێت بەرژەوەندی هاوبەش دژەکانی دوێنێ کۆبکاتەوە، لە هاوپەیمانییەکی نوێ کە ناسیونالستەکورد و پارتە ناسیونالستە تورکەکان لەخۆبگرێت لەپێناو بەرگرتن لە تەوژمی ئیسلامی سیاسی کەخۆی لە پارتی عەدالەت وگەشەپێدان دەبینێتەوە...

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.